# کەسییتی فانتازی لە رۆمانی کوردیدا

بەخێربێن

سوپاس بۆ ڕەخنەو پێشنیارە دروستکەرەکانتان

# زاراوەی فانتازیا

-لە ئەدەبی کوردیدا زاراوەی فانتازیا بەکار دێت.

-زاراوەی "Fantastique" زۆر واتاو چەمك لەخۆ دەگرێ لەوانە ، کە لە بنەڕەتدا لە زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە ، فانتۆم"Fantome"زاراوەی فانتۆمیش بە واتای شەبەح دێت . لە زمانی فەڕەنسییدا " La Mervilleux" بەکار دێت.زاراوەی فانتازیا لە زمانی عەرەبیدا :عجب ، العجيب ، يتعجب منه ، العجاب ، عجب عاجب ،التعاجيب ، عجائب ، اعجوبة ، عجبت ، وتعجبت ، واستعجبت ،وعجبت ، تعجيبا ،اعجب ، معجب ، العجب ، اعجبه ، العجب ، العجوب.

# چەمک و پێناسەی فانتازیا

-تزفتیان تۆدۆرۆف دەڵێ : ئەو کاتە دەچینە ناوجەرگەی فانتازیاوە، کە "رووداوێك روودەدات و ناتوانرێت بە یاساکانی جیهانە لۆجیکییەکە لێکی بدەینەوە،ناچار پەنا بۆیاسای جیهانە فانتازیاییەکە دەبرێت.

-.تۆدۆڕۆف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کاتێک کە ڕووداوێك دێتە پێشەوە عەقڵی مرۆڤ هەڵی ناگرێت و قبوڵی ناکات و زۆر باوەڕی پێ نییە وئەو یاسایانەی کە مرۆڤ پێی ئاشنایە ڕەتی دەکاتەوە و باوەڕی پێ نەکات ،دەچێتە بواری فانتازیاوە.

-کەسی یەکەمی قسەکەر یاخود راناوی کەسی یەکەمی تاك "من"لە فانتازیادا بۆیە باشترە و بەکار دێت لە فانتازیادا چونکە ئەگەر کەسی یەکەم بەکار نەیێت لەگێڕانەوەدا متمانە لای خوێنەر و بیسەر دروست نابێت لە چیرۆکی فانتازیدا، بەشێوەیەکی باو گێڕەرەوە بە راناوی کەسی یەکەم (من( ئەنجام دەدرێت.

# مەرجەکانی فانتازیا

- دەقە فانتازیاکە وا لە خوێنەر بکات کەسیێتییەکانی ناو دەقەکە بەکەسیێتیی ڕاستەقینە و زیندوو دابنێت.

- ڕاڕاییە کە لەلایەن کەسێتییەکەو خوێنەردا لە ڕێگای تیکەڵاو بوون بە کەسیێتییە فانتازیاییەکە   هەستی پێبکرێت.

- پێویستە خوێنەر هەڵوێستێکی دیاریکراو بەرامبەر بە دەقەکە وەربگرێت: ڕاڤە (التأویل)ی شیعری و ڕاڤەی ئەلیگۆری ڕەت بکاتەوە.

- بە ڕای تۆدۆرۆفەوە ئەم سێ خاڵە یەك بەهایان نییە، دەشێ تەنها یەکەم و سێهەم بەرهەمەکە جێ بەجێ بکرێت، بەڵام دەکرێت دووەم جێبەجێ نەکرێت)) .

# جۆرەکانی کەسێتیی فانتازیی

- ئەو بوونەوەرە فانتازییانەی تۆدۆرۆف وەکو کەسێتیی فانتازی دەیانخاتە روو بریتین لە: خێو، شەیتان، خوێنمژ، مرۆڤی بەگورگبوو، جادوگەر، بوونەوەری نەبینراو، خێوی ئاژەڵی ...هتد.پاشان بەشێوەیەکی گشتی بوونەوەری فانتازی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات، ئەم کەسێتییانە نووسەری ڕۆمانەکە هەریەکەیان لە ڕووداوێکی تایبەت بە کەسێتییەکە دەگونجێنێ.
- جۆری یەکەمیان کۆمەڵەی گۆڕاوەکانن، واتە ئەو بوونەوەرانەی لە بنەمادا مرۆڤن و گۆڕاون بۆ گیانەوەری تری وەك نیوە مرۆڤ ێ نیوە مەیموون، یان ئەسپ هتد...
- جۆری دووەمیش ئەوانەن، کە لە بنەمادا خۆیان بوونەوەری سەروو ـ سروشتین و لە مرۆڤ بەهێزترن، بۆ نمونە (جنۆکە، فریشتە، شەیتان، پەری)ئەم دوو جۆرەی کەسێتیی لە گۆڕاوەکان و کە لە بنەڕەتدا بوونەوەری سەروسروشتی بوون هەردووکیان لە مرۆڤ بە هێزترن و توانایان زۆر زیاترە و کاری سەروسروشتی ئەنجام دەدەن, چونکە فانتازیا تەنها بەو جۆرە نییە، کە تۆدۆرۆف دیاریی کردووە.

# کەسێتیی فانتازیی لە ڕۆمانی کوردیدا

-کەسێتی فانتازی لە رۆمانەکانی شاری مۆسیقارەسپییەکان و غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ و دواهەمین هەناری دنیای بەختیار عەلی و دەغدو هێلانەی خوسرەو جاف و ژنێک بەسەر منارەوەی شێرزاد حەسەن.

- یەکەم: کەسێتیی ئاسایی:

- ئەم جۆرەیان کەسێتیی ئاساین، وەك ئەو کەسێتییە ئاساییانەی لە هەموو رۆمانێکی تردا هەن. ئەم کەسێتییانە لە مرۆڤی ئاسایی واقیع دەچن و دەبن بە دوو دەستەوە: دەستەیەکیان دژی مرۆڤە سەروو۔ سروشتی و فانتازییەکانن و دەیانەوێت لەناویان بەرن، وەك بارۆنی خەیاڵ و هەموو بارۆنەکانی تر. دەستەکەی تریان لەگەڵ مرۆڤە سەروو ـ سروشتییەکاندان و پشتگیرییان دەکەن و دەیانەوێت بەسەر ئەو گروپەی کەسێتییە ئاساییەکاندا سەرکەون، کە دژی مرۆڤە سەروو ـ سروشتییەکانن.

- دووەم: کەسێتیی نیمچە سەروو۔ سروشتی:

- جۆری دووەمیان نیمچە سەروو۔ سروشتین، واتە تێکەڵەیەکن لە کەسێتیی ئاسایی و سەروو۔ سروشتی، ئەمانە بە تەواوی بوونیانەوە سەروو۔ سروشتی نین، بەڵکو لە بنەمادا مرۆڤی ئاساین، بەڵام یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەیان، بەتایبەتی یەکێك لە ئەندامەکانی هەستکردنیان نائاسییەو ئەندامێکی سەروو۔ سروشتییە. دوو کەسێتی لەم رۆمانەدا هەن بەشێوەیەکی گشتی کەسێتیی ئاساین، بەڵام رەهەندێکی فانتازی و سەروو۔ سروشتی دراوە بە یەکێك لە ئەندامەکانی هەستکردنیان. ئەوانیش بریتین لە:

# کەسێتیی فانتازی لە ڕۆمانی کوردیدا

-دەرسیم تاهیر: رەهەندێکی سەروو- سروشتی و فانتازی دراوە بەهەستی بۆنکردنی، ئەم کەسێتییە لووتێکی زۆر زلی هەیەو لەسەر زاری یەکێك لە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەوە، کە رۆڵی گێڕەرەوەش دەبێنێت

-شەهرەیاری شوشە: ئەم کەسێتییەش منداڵێکەو رەهەندێکی فانتازی دراوە بە هەستی بینینی، ئەمەش بەوەی دەتوانێت لەو دیو دیوارەوە شت ببینێت، گێڕەرەوە لە وەسفیدا دەڵێت: "دەیتوانی ئەو دیو دیوارەکان ببینێت"(). کاتێك کچی یەکێك لە ئاغاکانی سپیرەز، کە ناوی یاقوتی مەمەدە، لەگەڵا کوڕی یەکێك لە بەرپرسە سیاسییەکان هەڵدێت و کەسوکارەکەی دەیانەوێت بیدۆزنەوە، دەچنە لای عەتارو داوای دۆزینەوەی کچەکەیانی لێدەکەن. ئەویش لە رێگەی "شەهرەیار بایز ئەو کوڕەی دوو چاوی شووشەیی سافی هەیەو دەتوانێت ئەودیو دیوارەکان ببینێت"()، هەوڵی دۆزینەوەی کچەکە دەدات.٧

-سێهەم: کەسێتیی گۆڕاو:

-لێرەدا مەبەستمان لە کەسێتیی گوڕاو ئەو جۆرە نییە، کە تۆدۆرۆف دیاریی کردووەو تیایدا مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ گیاندارو ئاژەڵ، بەڵکو لێرەدا مەبەستمان لە کەسێتیی گۆڕاو ئەوەیە لە بنەمادا کەسێتیی ئاسایین، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات لە رووی ناوەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانە ناوەکییە بەرەو بوونەوەرە سەروو- سروشتییەکان دەیانبات، دەتوانن بچنە دنیای بوونەوەرە سەروو - سروشتییەکانەوەو تێکەڵ بە جیهانەکەیان ببن و خۆشیان دەبن بە بوونەوەری سەروو- سروشتی و کەسێتییە واقیعیەکەیان نەمێنێت.

-نمونە بۆ ئەم جۆرە (حەسەن تۆفان)ە.

-کەسێتیی لە جۆری سەروسروشتی )ئەرواحەکاندا (لە نموونەی دەغدو لە ڕۆمانی دەغدوی خوسرەو جافدا.

-

# ئەنجام

-یەکەم :لە رۆمانی کوردیدا نوسەر فانتازیا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی کەسێتییە قەدەغەکراوەکان بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێت مەترسی بخاتە سەر ژیانی خۆی بە ناڕاستەوخۆ لەرێگای فانتازیاوە باسیان دەکات.

-دووەم: کەسێتیی فانتازی لە رۆمانی کوردیدا ،کەسێتیی ئاسایی و گۆڕاو و کەسێتیی سەروسروشتی و نیمچە سەرو سروشتیە.

-سێیەم: فانتازیا لە رۆمانی کوردیدا زیاتر لە لایەن چەند نوسەرێکی دیاریکراوە ئەنجام دراوە وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و خوسرەو جاف...

-چوارەم :فانتازیا لە ئەدەبی کوردیدا لە ئاستی فانتازیای ئەدەبی نەتەوەکانی دەوروبەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

-پێنجەم :لە کەسێتییە فانتازیاکانی کوردیدا ئەرواحەکان مەزرێنراون بە تایبەتی لە رۆمانی دغدودا.